هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـــی کـــارەبـــا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

No: ژمارە : ٦٦٥

Date 2023 / ١ / ٢٢ ڕێکەوت : / /٢٧٢٢ ی کوردی

## کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (1) ی ساڵی ٢٠٢٣

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (گرێدانی وێستگەی ١١/٣٣/١٣٢ کەی ڤی بەحرکە بە تۆڕی کارەبای نیشتمانی) بە کۆدی ژمارە (KRG-MOE/ET-39/2023) جا هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

## مەرجەکانی بەشداری کردن :

١- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٦) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

٢- هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.

٣- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (١٦٥) سەدو شەست و پێنج ڕۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.

٤- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی / پێبژاردنی ڕۆژانە $\frac{\text{کۆژمەی گرێبەست}}{\text{ماوەی ڕۆژەکانی گرێبەست}}$ ×١٠٪ لە ڕێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان

٥- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (١٢) مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی پرۆژەکە .

٦- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (٧٢,٦٠٠,٠٠٠) حەفتاو دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار بەشێوەی دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) یاخود چەکێکی پەسندکراو بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٦) مادده (٢٧) برگەی (١) خالی (ب) .

٧- ٥٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .

٨- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت .

٩- بەڵێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .

١٠- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرختەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.

١١- دەبێت کۆمپانیا لە پلە یەك کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت وە کۆمپانیای بازرگانی گشتی دەبێت تۆماربێت لەهەرێم وە بیانیش بێت پێویستە لقی تۆمار کرابێت لە هەرێمی کوردستان وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکەن لەگەڵ ئۆفەر.

١٢-دەبێت کۆمپانیا نووسراوی (نموذج كتاب العطاء) پێشکەش بکات کەوا پابەند بێت بە گشت برگەکانی تەندەرو ئەو نرخەی پێشکەش کردووە.

١٣- دەبێت پاکانەی باجی دەرامەت پێش کەش بکات بۆ ساڵی (٢٠٢٣) لەگەل تەندەر بەپێ ڕێنمایی گرێبەستە حکومیەکان بە پێچەوانەوە ئۆفەرەکەی دوور دەخرێتەوە .

١٤- دەبێت بروانامەی کۆمپانیا پێشکەش بکرێت لەگەل تەندەر .

١٥-گەرانەوەی ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی جیایی سەربەخۆی داخراو دەبێت زەرفی دارایی ناکرێتەوە ئەگەر لە تەکنیکی دەرنەچوو.

١٦- دەبێت سەرجەم لاپەرەکانی ئۆفەری تەکنیکی و دارایی ترقیم بکرێت وە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت وە لەسەر خشتەی دارایی واژووبکرێت ئەو کەسەی کەوا ڕێگاپێدراوە لەلایەن کۆمپانیا .

١٧- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .

١٨- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.

١٩- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .

٢٠- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .

٢١- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٢٢- لە هەر قۆناغێك کۆمپانیا دەتوانێت تانە بگرێت وە ئەگەر تانەی تەکنیکی بێت دەبێت بەر لە کردنەوەی ئۆفەری دارایی تانەکە بکرێت و تەواو بکرێت ئینجا ئۆفەری دارایی دەکرێتەوە بە پێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٦ .

٢٣- نرخی کرینی تەندەر (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەرێتەوە.

٢٤- سەردانی پێگەی کار دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٩ ڕۆژی یەك شەممە

٢٥- کۆبوونەوەی (تمهیدی) دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١ ڕۆژی چوار شەممە کاتژمێر ١٠ ی بەیانی / وەزارەتی کارەبا / هۆلی کۆبوونەوە .

٢٦- جگە لەو خالانەی سەرەوە هەر مەرجێکی تری تەکنیکی پەیوەست بە پرۆژەکە لە ناو تەندەر هاتووە و مەرجێکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە.

٢٧- دوابەروار بۆ هەر راو سرنج و پرسیارێك دەربارەی کەمکردنەوەی پرۆژەی سەرەوە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٥ ڕۆژی یەك شەممە لە بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان .

٢٨- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٠ ڕۆژی دوو شەممە دەبێت کاتژمێر (١١) سەرلەبەیانی لە بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان .

٢٩- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواره دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .

ئەندازیار

کمال محمد صالح

وەزیری کارەبا

٢٠٢٣/١/

کۆڤان ٢٠٢٣/١/١٨ شەوگار